# ئاوڕدانەوەیەک لە یاری زانە دێرینەکان ... سمە پاڵەوان ... ئەنوەر خەراجیانی



یاری زان و پاڵەوانی ئەم جارەمان کەسایەتیەکی شاری سلێمانیە، لەسەردەمی خۆیدا كەس نەبووە نەی ناسێت لە زۆربەی پاڵەوانیەتیكانی سەردەمی خۆیدا بەشداری کردووە و ئەنجامی باشیشی بەدەست هێناوە. تەمەن هێز و لەشی جوانی لێسەندۆتەوە.

بابزانین لە نزیكەوە ئە بەڕێزە كێیە؟
من ناوم ئیسماعیل ئیبراهیم سالحە لە ساڵی 1942 لە شاری سولەیمانی لە دایك بووم. نازناوەكەشم سمە پاڵەوانە. خێزان دارم و شەش منداڵیشم هەیە لەبەر كەم دەرامەتی نەم توانیوە بچمە قوتانخانە لە كاتی خۆیدا هەر لە منداڵیەوە خۆلیای لەش جوانی و بەرز كردنەوەی ئاسن بووم هەر بۆیە لە ساڵی 1950 دا یانەیەكی لەش جوانی و ئاسن بەرز كردنەوە هە بوو لە سابونكەران بە ناوی یانەی (صحه القوه) كە من زۆربەی كات دەچووم بۆ تەماشاكردنیان زۆر ئارەزوم لێی هەبوو هەمیشە بیرم دەكردەوە كەی بێت وەك ئەو كۆمەڵە خەڵكە منیش پێبگەم،هەر لە دامەزراندنی یانەی سولەیمانی من یەكسەر چوومە یانەكەوەو بووم بە ئەندامی یانەكە یەكەم كۆمەڵ ئێمە بووین كەو یاری بەرزكردنەوەی ئاسنمان دامەزراند لە یانەكەدا من زیاتر شارەزایم هەبوو لە یاری زانەكانی تر هەر بۆیە دەوری ڕاهێنەریم دەبینی لە یانەكەداان و یاریشم دەكرد، زۆربەی مەشقەكانمان بە هەڵە دەكرد چونكە كەسێكی ئەكادیمیمان لا نە بوو یارمەتیمان بدا لە مەشقكردن بەبێ ڕاهێنەرو خواردنی باش و كەلووپەلی وەرزشی لەو سەردەمەدا توانیومانە لە چەندین خولی كوردستان وعێراق بەشداری بكەین و ئەنجامی باشیش بەدەت بهێنین. لە ساڵانی 1960 بە دواوە وەك یانەی سلێمانی بە ڕەسمی بەشداری گشت خولەكانی یانەكانی عێراقمان كردووە توانیومە لەو كاتەدا 360 كغم بەرز بكەمەوە بە كۆمەڵ (مجموع) تا هێزو توانام تێدا بوو لە وەرزش سەرفم كرد كە توانام نەما وەرزش بكەم كەس لێی نەپرسیمەوە ڕۆژێك لە ڕۆژان چی دەكەیت چی ناكەیت.
هەتا ئەم تەمەنەم هیچ كەسێك ئاوڕی لێنەداومەتەوە لە بەر پرسانی وەرزشی و حكومی هیچ كاتێك بە سەریان نەكردومەتەوە بۆ یە زۆرم پێ سەیر بوو كەوا داوات لێكردم چاوپێكەوتنم لە گەڵدا سازبدەیت.قەت شتی وام بەخۆمەوە نەدی بوو نازانم ڕۆژنامەكان و میدیاكان ئەوەندەی باسی بێگانەدەكەن قەد باسی وەرزشكارەكانی خۆمان ناكەن، من تاوەكو ئێستاكەش خۆلیای تەماشاكردنی وەرزشم بەتایی بەتی وەرزشی لەش جوانی و ئاسن بەرزكردنەوە بە لام بەداخەو من توانی هیچم نەماوە ئیلا ئەوە نەبێت مردن چاوەڕێم بكات لە وولاتی ئێمە تانەمریت قەدرت نازانن بەلام بەچی دەچێت دوای نەمان بەسەرت بكەنەوە، ئیتر توانای هیچی ترم نیە پێبلێم ئیلا خۆشیتان نەبێت.
لە كۆتایدا بە ناوی خۆم وسایتی كوردستان نێتەوە هیوای لەش ساغ و تەمەن درێژیت بۆ دەخوازین سەربەرزو سەر فرازبیت

14-8-2005بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ئەنوەر خەراجیانی anwar@malmo2. net
پەیامنێری کوردستان نێت 0046 40 948904



اسماعیل ابراهیم صالح
ناسراوبە(اسماعیل پالەوان)
بەرزکردنەوەی(١٣٠ كغم) ناسن سالی ١٩٥٢